# شاری کفری لە هەندێك وێستگەی مێژوویدا

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ

## شوێن

کفری لەشوێنی ئێستایدا نەبووە شوێنی یەکەمی شاری کفری ( ئاسکی کفری)* بووە [1] . شوێنی ئێستای لە باکورو رۆژهەڵاتەوە بەزنجیرە چیا دەووردراوە ، ئەو پەرژینە چوار دەرگای هەبووە ، دەرگای بەغداد ، کەرکوك ، 12 ئیمام ، شارەزوور[2] .

کفری شارێکی بچوکە دەکەوێتە لای رۆژئاوای لوتکەی ( باوەشاسوار)* وە ، درێژبوونەوەی ئەو زنجیرە چیایەیە کە لە کەرکوکەوە دەست پێ دەکات و ناوی ئەو ناوچانە وەردەگرێت کە پێیدا تێدەپەڕێت ، شارەکە دەکەوێتە رۆخی لای راستی چەمی (قوشە چاپان)*ەوە[3].

.هەر وەك لە ساڵنامەی عوسمانیدا هاتووە ( قەزای ,,صلاحیە,, واتە ,, کفری ,, کەوتوەتە رۆژهەڵاتی باشوری لیوای کەرکوکەوە ـ ئەوسا کەرکوك سنجەقێك بوو سەر بە ویلایەتی موسڵ لە کەرکوکەوە ( بیست و چوار سەعاتە رێ دوورە ) ئەم ماوەیە دەکاتە 78میل ، لە دوو رێیانەکەی نیوان دوز و سلیمان بەگیشەوە ئەم ماوەیە دەگاتە (33)کم بەم شێوەیە (کفری) دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی بەغداوە، واتە لە خواروی رۆژئاوای هەرێمی کوردستانی عێراقە [4] .

ئەو شارە لە زارەکی شێوەێکی* دیکە ساز کراوە ، کە شیوەکە دەچێتە ناو یەکەم زنجیرە چیاکانەوە و لەوجێیەی جادە هەڵکەوتووەکە نزیکترین کاروانە رێی سلێمانی بۆ برایم خانچی و سەگرمەی لێ جیا دەبێتەوە [5].

پاش هەرەسهێنانی بەربەستی چای رووباری کفری لەنزیك باباشاسوار کەدەڕوانیەتە ئەو رووبارە لە شوێنێك کە پێیدەوترێت قوشە چۆپان کەتاکو ئێستا شوێنەواری بەربەستەکە بەرچاو دەکەوێت [6] .

شوێنی یەکەمی کفری لە سەر گردێکی گەورە بوو کە 10-12 م لە سەر رووی زەویەکەوە بەرز بوو وە (8)کم لە شوێنی ئیستای کفری دوورە کەوتووەتە باشوری رۆژئاوایەوە [7] تاکو ئێستا ئەو گردە ماوە و لە ناوچەکە وەکو شوێن و ئاسەوارێکی مێژووی تەماشا دەکرێت، بوونی شاری (کفری ) لە شوێنی ئێستایدا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی دووسەد ساڵێك لەمەوپێش ، لەوەپێشووتر ئەو شارۆچکەیە لە ناو دۆڵەکانی نزمە چیاکانی رۆژهەڵاتی ئێستایدا بووە [8] کە هەندیك لە گەشتیاران سەردانی ئەو شوێنەوارانەیان کردووە و لە یادشتەکانیاندا تۆماریان کردووە .

## پێگەی کارگێڕی

شاری کفری یەکێکە لە شارە رەسەنەکانی وڵاتەکەمان و لە رووی ئیداریەوە ناوەندی قەزایەکی کۆن و ناسراوی ناوچەکەیە و دەکەوێتە باشوری رۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکوکەوە بە 131 کم لە ناوەندی ئەم پارێزگایە ( شاری کەرکوك ) دوورە [9] .

لە راپۆرتی مانگی مایس و حوزەیرانی ساڵی 1919 بریتانیەکاندا هاتووە ( ئێستا ئاشکرا بوو کە لە باشوری کوردستاندا هێز و دەسەڵاتی شێخ مەحمود مەترسیە بۆ سەر پاشە رۆژی ئاشتی وڵات دروست دەکات ، بە تایبەتی پاش ئەوەی کەرکوك و کفریش چوونە ژێر حوکمی ئەوەوە ، چونکە شێخ بەوە رازی نەبوو لە مانگی شوباتی 1919دا کەرکوك و کفری دەربکرێت لەو ناوچەیەی کە بۆ حوکمەکەی دەستنیشان کرابوو [10] .

وەکو ناوچەیەکی گرنگ لە ئەیالەتی کەرکوك تەماشا دەکرا لە هەموو سەردەمەکاندا ، ئەم قەزایە سەر بە پارێزگای کەرکووك بووە ، کە چارەکی رووبەرەکەی پێکهیانووە وە دانیشتوانەکەی 15٪ ئەو پارێزگایەی پێکهێنابوو[11] .

کفری 158 گوندی هەبووە بە گوێرەی قاموس ئیعلامی عوسمانی چاپی ساڵی 1896 لە لاپەڕەی 296 باس لە سەرژمێری کفری دەکات کە 4000 کەس بووە[12] .

لەسەرەتای سەدەی هەژدەهەم بابانەکان لە تەواوی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی رێگای کفری – ئاڵتون کوپری ، کە کەوتووتە نێوان روبارەکانی سیروان و زێی بچوك ، دەستیان باڵا بوو ، وە ئەوەندە بەهێز بوون لەگەڵ خانەدانی ئەردەڵاندا وەك هاوکوف رووبەروو بوونەوە [13]

، دەربارەی ناحیەکانی ئەم قەزایە ، هەریەکەی لە ماوەیەکی دیاریکراودا سەر بەقەزای کفری بووە ، بەڵام لە کاتێکی تردا لێی دابڕاوەو کەم کراوتەوە یان لەسەردەمێکی تردا بۆی زیاد کراوە . لەو ماوەی سەر بە ولایەتی شارەزوور لە نێوان ساڵانی ( 1877 – 1908 ) بریتی بووە لە ناحیەکانی دوزخورماتوو داودە و قەرەتەپە ، لە ماوەی ساڵانی ( 1920 – 1926 ) بریتی بووە لە ناحیەکانی دووز ، قەرەتەپە ، قەڵای شێروانە [14].

قەزای کفری لەناحیەی شێروانە قەرەتەپە، و پێباز پێکهاتوەو سەر بەلیوای کەرکوك بووە ، هەمیشە وەکو بەشێکی دانەبڕاو تاکو سەردەمی حوکمڕانی بەعسیەکان قەزای کفری کونترین قەزای کەرکوك بووە و بەناحیەی قەرەتەپە، شێروانە و پێبازەوە بە کەرکوك مایەوە [15]، سنوری ئیداری قەزای کفری بە پێی دەسەڵاتەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە کە بەشی هەرە زۆری کات و سەردەمەکان کفری وەکو قەزایەك ناوەندێکی گرنگ بووە بۆ کارگێڕی و بەڕێوەبردنی ناوچەی گەرمیان و سنورێکی فراوان و بەربڵاوی لەخۆ گرتووە . کاتێك حکومەتی عێراقی هەستی بە گرنگی شاری کفری کرد وەکو یەکەیەکی بنەڕەتی کارگێڕی پارێزگای کەرکوك کە بەشێکی کەمی نەبێت تەواوی دانیشتوانەکەی کوردن و رۆڵی بەرچاویان لە بەرەوپێش بردنی بزاڤی رزگاریخوازی کورددا دیووە ، بۆیە 30ساڵ بەرلە ئێستا بەبێ ئەوەی هیچ پرس و رایەك بە دانیشتوانەکەی بکرێت بە فەرمانێکی قەرە قوشیانەی حکومەتی عێراق ئەو قەزایە خرایە سەر پارێزگای دیالە ، ئەمەش بووە هۆی پەراوێز خستنی شاری کفری و بێبەش کردنی لە هەموو خزمەت گوزاریەك ، کەتاکو ئێستاش رەنگدانەوەی نیگەتیفانەی لە سەر رەوشی ئاوەدانی ناوچەکە هەیە ، لاپەڕەکانی مێژوو ئەو راستییەیان سەلماندووە لەو سەروەختانەی کە ئیمپراتوریەتی عوسمانی ئاڵوگۆڕی لە نەخشەی کارگێڕی ناوەچەکەدا کردووە شاری کفری بەردەوام قەزایەك بووە لە لیوای کەرکوك ، بەڵام جێگای مەخابن و ئەسەفێکی زۆرە کە زیاتر لە سێ ساڵە رژێمی شۆڤێنی لە ناوچووە بەڵام هەر ئەو سیستەمە پەیڕەو دەکرێت .

---

<u>پەراوێزەکان :</u>

★ ئاسکی کفری ووشەیەکی تورکمانیە بە واتای کفری کۆن. بۆزیاتر زانیاری بڕوانە: طە باقر وفؤاد سفر – المرشد الى موطن الاثار والحضارة – ص 39 .

1- سهيل خورشيد عزيز- صفحات من تاريخ منطقة كفرى – مركز ( تەما )للطباعة والنشر – السليمانية الطبعة الاولى – 2002 – ل9

2- کریم زەند – تۆماری تەمەن (5) – رەو – چاپەمەنی روون – چ 1 – کوردستان – سلێمانی – 2005 – ل 318 .

★باوەشاسوار ناوی چیایەکە لە باکوری کفری کە مەزاری پیاو چاکێکی لێیە بەناوی بابە شاسوارەوە کە سەد مەتر لەرووی زەویەوە بەرزە . بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە؛ سهيل خورشيد عزيز- صفحات من تاريخ منطقة كفرى – ص86 .

★ قوشەچاپان ووشەیەکی تورکیە بەواتای ( باڵندەی شوان ) ناوی رووبارێکە لە رۆژهەڵاتی کفریەوە تێدەپەرێت – توێژەر .
3- مکرم الطالبانی - ابراهیم خان ثائر من کردستان - مطبعة اسعد - بغداد 1971 - ل6 .
4- سەباح ئارام – کفری کونترین شاری ناوچەی گەرمیان–هاواری کەرکوك- گۆڤارێکی سیاسی و رۆشنبیری گشتییە – ناوەندی رۆشنبیریی کەرکوك دەری دەکات – ژمارە–1- ل27 .
★ مەبەست گەرووی دۆڵە کە (بوغاز) لەلایەن خەڵکی کفریەوە بەکاردێت .
5- سیسیل جۆن ئیدمۆندس _ کورد تورك عەرەب _ وەرگێرانی حامید گەوهەری –دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس هەولێر ساڵی 2004 – ل338 .
6 - کریم زەند – س .پ – ل 318 .
7 - ئازاد هیدایت حسن – تصمیم خارطة استعمالات الارض فی مدینة کفری – دراسة جغرافیة بشریة – رسالة ماجستیر غیر منشور – مقدمة الی کلیة التربیة جامعة موصل- ص 18 .
8- مستەفا نەریمان – بیرەوەریەکانی ژیانم – ل11 .
9- عومەر عەلی شەریف- - هەڵبژاردەیەك لە مێژووی رەسەنی شاری کفری – بارش – ژمارە – 2- کانونی یەکەم- ساڵی 2000 – گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی وەرزییە – ل 80-
10- د. ولید حمدی - کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا – و: موحەمەد نوری توفیق –چاپخانەی ئۆفسێتی هەواڵ –سلێمانی – چاپی دووەم – 1999 – ل 57 .
11- الدکتور خلیل اسماعیل محمد - کرکوك دراسات فی التکوین القومی للسکان – من منشورات جریدە میدیا – 1423هـ - 2002م –ل36 .
12- علی حسین صالح - کفری بین عراقة ماضیها وبؤس حاضرها ، بأنتظار مستقبل مزدهر _ الناقوس _ نصف شهریة عامة تصدرها عن صحیفة ( زەنگە ) الکردیة – العدد (5) – 3/5/ 2006 میلادی - ل3 .
13 دیڤید ماکداول – مێژووی هاوچەرخی کورد – وەرگێرانی ئەبو بەکر خۆشناو –چاپخانەی روون – سلێمانی - بەرگی یەکەم – کۆتایی 2002 – ل 75 .
14- سمکۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژی ) – مێژووی سەردەمە کارگێریی و بەرێوەبەرییەکانی پارێزگای کەرکوك – چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی – چاپی یەکەم – پارێزگای کەرکوك - ساڵی 2005 – ل 175 .
15- محەمەد شاکەلی – گەرمیان رابردووی نزیك و ئایندە –لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی جوگرافی سیاسییە – چاپخانەی کارۆ - ساڵی 2003 – ل21- 22 .

تێبینی / ناوەرۆکی ئەم بابەتە بەشێکە لەو توێژینەوەی کە پێشەکەشم کرد بە بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین